# ئەنفالکراوانی گەرمیان و خواستەکانیان لە حکوومەتی تازە..

کاتێک ئەنفال بەخۆی و پەیامەکەیەوە هات و تەڕ و وشکی پێکەوە سوتاند بەبێ ئەوەی کەسێک ورتەی لە دەم بێتە دەرەوە، ئەو ڕۆژانە تەنیا مردن و لمی شێداری بیابان لە ئامێزی دەگرتن و لەو سارایەدا دەنگمان کپ دەکرا.

ئەمڕۆ لەگەڵ دروستبوونی کابینەی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستاندا ئەنفالکراوانی گەرمیانیش هیوا و خواست و داواکارییان هەیە، لە میانی ئەم ڕاپۆرتەوە خواستەکانی ئەوانتان دەخەینە بەردەست..

**ڕاپۆرت: مەهدی زریان – گەرمیان**

### شەمسە نەریمان حەسەن:
### ئێمە لە حکوومەتی کوردستان زیاتر کێ شەک دەبەین

* هاووڵاتی، شەمسە نەریمان حەسەن گوتی: من لە دایکبووی ساڵی (١٩٢٧) خەڵکی ناوشوانم گوندی (تورکە) دوای ئەوەی شاڵاوی ئەنفال دەستی پێکرد و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە جاش و جەیش هەڵیان کوتایە سەر دێیەکە کوڕێکم بەر ئەو شاڵاوە کەوت بەناوی (ڕەفیق سەعید نەجمەدین) تا ئێستاش هەر بێ



سەر و شوێنە و کەس نازانێ چارەنووسی بە چی گەیی و من هەر چاوم لەوەیە بگەڕێتەوە، ئێمە زۆر بە کولەمەرگی ژیاین و زۆر چاومان لە دەستی ئەم و ئەو بوو، ئاخر پیرەژنێکی بێ دەسەڵاتی وەکو من چی لە دەست دێ بە دەربەدەری و نەداری ژیانمان گەیاندە ئەمڕۆ، لەوەش ناخۆشتر ئەوەبوو کەس خۆی لێنەکردین بە خاوەن دوای ئازادکردنی کوردستانیش، ئاخر ئێمە لە حکوومەت زیاتر کێ شک دەبەین، بۆیە من داوا لە حکوومەتی تازەی کورد دەکەم لەم بێ کەسییە ڕزگارمان کات و هەست بەو هەموو ئازارانەمان بکات من ئەوەندەم لە ژیاندا نەماوە پیرەژنێکم عومری خۆم کردووە، بەڵام زۆر ناخۆشە بەبێ کەسی بژیت و بەبێ کەسیش بمری بۆیە هیوادارم بەر لە مردنم ئەم حکوومەتە ببینم دڵنەوایی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بکات و خۆی بکاتە خاوەنیان و هێندێک لە ئازار و بەدبەختییەکانیان کەم کاتەوە، من زۆر دڵخۆشم بەوەی ئەمڕۆ دەبینم کورد یەکتر ناکوژێ و هەموو لایەک وەکو برا پێکەوە کاردەکەن.

### ڕێباز مەحمود حەسیب:
### هیوادارم حکوومەتی تازە ببێتە باوک و دایکی دڵسۆزی خەڵکانی پاشماوەی ئەنفال و لە کەم و کوڕییەکانیان بکۆڵێتەوە

هاووڵاتی ڕێباز مەحمود حەسیب گوتی: من لە ساڵی ١٩٨٨ لە دایکبووم واتە تەمەنم ٣ مانگان دەبوو کە بابم و مامێکم لە دەڤەری چەمچەماڵ بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن من نامەوێ باس لە چۆنیەتی عەمەلیەکە بکەم مەبەستم ئەنفالە چونکە هەر وەکو وتم من ئەو دەم سێ مانگ تەمەنم بوو، بەڵام باسی ئەو هەموو ئازارانەتان بۆ دەکەم کە ئەنفال و بێ دایک و باوکی پێیی چێشتووم، دیارە دوای نەمانی سەرپەرشتێک و ئەنفالکردنی باوکم داپیرم کە خاوەنی دوو کوڕی ئەنفالکراو بوو ئەرکی بەخێوکردنی منی گرتە ئەستۆی خۆی داپیریشم ئافرەتێکی پیرو نەدار بوو بە کوێرەوەری بەخێوی کردم، لە قوتابخانەدا بەردەوام هەستم دەکرد من و هاوپۆلەکانم جیاوازیمان هەیە کاتێ مامۆستا بە قوتابییەکانی دەگوت باب و دایکتان یەکێکیان سبەینێ بابێن بۆ قوتابخانە من زۆر دڵم بە خۆم دەسووتا و هەستم دەکرد مەحرومم لە نزیکترین کەسانی خۆم، دەستم لە قوتابخانە هەڵگرت و لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا بۆ باشترکردنی ژیانم کارم دەکرد، بڕوا بکەن نازانم لە کوێوە باسی ئازارەکان بکەم و لە کوێ کۆتایی پێبهێنم بۆیە نامەوێت زیاتر باسی لێوە بکەم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم هیوادارم



حکوومەتی تازەی کوردستان ببێتە کەسوکاری هەموو ئەو کەسانەی ئەنفال ئازیزانی لێ ساندن و بێ دایک و باوکی کردن، ئێمە کێمان هەیە لەم حکوومەتە زیاتر؟! دڵنیام لەوەی دڵسۆزانی نێو ئەم حکوومەتە دەتوانن قەرەبووی ساڵانی بێکەسی خەڵکی بکەنەوە، هەر بۆیە من داوا دەکەم حکوومەت بە چاوێکی جیاواز سەیری خەڵکی بێ کەس و پاشماوەی ئەنفالەکان بکات و خۆی بە سەرپەرشت و باوک و دایکی دڵسۆزی ئەوان بزانێ و لە هەموو کەم و کوڕییەکانیان بکۆڵێتەوە و بۆیانی چارەسەر بکات.

## خاتوونە بایز مەحمود:
## دەمانەوێت حکومەتی کوردستان قەرەبوومان بکاتەوە

هاووڵاتی، خاتوونە بایز مەحمود گوتی: من لە دایکبووی ساڵی (١٩٤٠)م خەڵکی دەڤەری قەرەهەنجیرم دێی (ئاوباریک) سەر لە بەیانی مانگی ٤-١٩٨٨ دوای ئەوەی فڕۆکە دێیەکەمانی بۆمباران کرد ئێمە لەژێر زەمینەکاندا خۆمان حەشاردا جەیش و جاش هەڵیان کوتایە نێو دێیەکە و ئەوەی بەردەستیان کەوت بردیان لەگەڵ خۆیاندا، لەو دەمەدا کوڕێکی منیش بەناوی (بورهان) بەر شاڵاوەکە کەوت و تا ئێستاش هەر بێ سەر و شوێنە، دیارە ئێمەش تا ئیمڕۆ و لە دەربەدەری و نەداری و بێکەسی دەژیم، هەر بۆیە من زۆر دڵم خۆش بوو بە یەکگرتنەوەی ئەو دوو ئیدارەیە و پێکهێنانی حکوومەتی تازەی کورد، ئێمە بێ کەس و بێ شوێنین چاومان لە دەستی حکوومەتە خۆیمان لێبکاتە خاوەن و قەرەبووی بێکەسیمان بۆ بکاتەوە، ئێمە لەسەر کوردایەتی ئەنفال کراین و ماڵیان لێتێکداین و دەربەدەریان کردین، بۆیە بە حەقی خۆمانی دەزانین چاوەڕوانی هەموو شتێکمان هەبێت لە حکوومەتی خۆمان، دەبێت حکوومەت لە کەموکوڕییەکانمان بکۆڵێتەوە لەم دەربەدەری و کوێرەوەرییە ڕزگارمان کات، هەموو کەس دەزانێ پاشماوەی ئەنفال یا منداڵ یا پیرەژنێکی وەکو منن حکوومەتیش ئەوە دەزانێ و ئێمەش هیچی زیاد داوا ناکەین تەنیا دەمانەوێ وەکو خەڵکی ئاسایی بژین و جێگا و ڕێگایەکمان هەبێ تێدا بحەوێینەوە.